بانگەوازێک لە وەزارەتی پێشمەرگەوە بۆ ئەفسەر و پێشمەرگەی وەرگیراو لە لیوای 20



وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت، ئەو ئەفسەر و پێشمەرگانەی ناویان لە لیوای 20ـی هاوبەش هاتووەتەوە، "دەبێت ڕۆژی شەممەی داهاتوو ئامادەبوونی خۆیان دووپاتبکەنەوە".

ئەمە پێنجشەممە، 30-11-2023، وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بانگەوازێکدا ئاگاداری سەرجەم ئەو ئەفسەر و پێشمەرگانەی کرد کە ناویان لە لیوای 20ـی پیادەی هاوبەش هاتووە لە ڕۆژی شەممە، 02-12-2023، ئامادەبوونی خۆیان دووپات بکەنەوە".

وەزارەتی پێشمەرگە بە پەویستی دەزانێت، "تەواوی ئەو کەسانەی ناویان بە لیوای 20 هاتووەتەوە تاوەکو ڕۆژی شەممە، 02-12-2023، پەیوەندی بەو جێگایانە بکەن کە پێیان ڕاگەیەندراوە" و دەڵێت، "هەرکەسێک لەو کاتەی بەی دیاریکراوە پەیوەندی نەکات، خۆی بەرپرسیار دەبێت".

وەزارتی پێشمەرگە لە ڕاگەیەندراوەکەیدا لینکی ماپەڕکی داناوە و دەڵێت، ئەوانەی ناویان هاتووەتەوە دەتوانن سەردانی (ئەم لینکە) بکەن بۆ دەزینەوەی ناو و ئەو بنکانەی مەشق کە بۆیان

دیاریکراوە.

ڕۆژی دووشەممە، 27ـی تشرینی دووەمی 2023، وەزارەتی بەرگریی عێراق داوایکرد، سەرجەم ئەندامانی لیوای 20ـی هاوبەش لە ڕۆژی 2ـی کانوونی یەکەمی 2023ـەوە پەیوەندی بە بنکەکانی ڕاهێنانەوە بکەن لە پارێزگاکانی کەرکووک، نەینەوا و دیالە.